عەلی دەرویش




# ئاشناو دڵزار بەیەکەوە جوانن

ماوەی حەوت ساڵە بەیەکەوە ئاوێزانی ئاوازو گۆرانی کوردی بوونەو نەغمەکانیان ئاوێنەی هەستی بیستنمان کردووە، هەردەم لە هەوڵی پێشکەش کردنی بەرهەمی بەپێزو سەرنج راکێشن، کاتێ ناوی (ئاشناو دڵزار) دەبیستین خۆشەویستی ئەو خوشكو برا هونەرمەندەمان بۆ دەردەکەوێ کە لە ئاهەنگو بەرهەمە هونەرییەکان هەمیشە بەیەکەوەن و بوونەتە رەزامەندی جەماوەر. وەك دوو کەناری خۆشخوان بە لەرەی دەنگە بەسۆزەکانیان گوێچەکەمان پڕ دەکەن لە مۆسیقاو نەغمەی خۆش. لەدەرفەتێکدا ئەم دوو هونەرمەندەمان بەسەر کردەوەو ئەم چەند پرسیارەمان ئاراستە کردن.





ئامادەکردنی: زیاد کەریم

-کەمی بەرهەمەکانتان بۆچی دەگەڕێتەوە ئاشنا خان؟

+سالی 1998 دوو بەرهەممان تۆمارکرد بۆتەلەفزیۆن، ئەو ساڵە بوو کە ئێمە ناسراین، بەڵام دەبوایە ئێمە بەردەوام بین و لەگەڵ ئەوەشدا ساڵانێکی زۆر ئێمە دابڕاین، وەك پێویست نەمانتوانی بەرهەمی تازەمان هەبێ، ئەمەش لە کەمتەرخەمی خۆمان بوو کە بێگومان کۆمەڵێك هۆکار لەپشت ئەو کەمتەرخەمیەش هەبوو.؟ ئێستاش بەرهەمێکی تازەمان ئامادەیە، بەڵام تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە.

-کاك دلزار ئەم بەرهەمەتان بەناوی چییەو لەچەند گۆرانی پێك هاتووە؟

+تا ئێستا ناوی بەرهەمەکەمان دەستنیشان نەکردووە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ناوێکی بۆ هەڵدەبژێرین، ئەم بەرهەمە لە (7) گۆرانی پێك هاتووە لەسەر ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیری تۆمارکراوە، کاری دەنگو مۆسیقای لە ستۆدیۆی کنارە بۆکراوە جگە لەوەی شیعری دوو گۆرانی فۆلکلۆرە، ئەوانی تریش شیعری شاعیران (حەسیب قەرەداغی- فەرەیدون بەرزنجی- فاروق هەژار- فەرید زامدار- سەرحەد) ئاوازی گۆرانیەکان دوانیان فۆلکلۆرن ئەوانی تر ئاوازی مامۆستا (ئامانج غازی — ئارام سەلیم- سەرحەد- دلزارو ئاشنا) کارکردنمان لەسەر ئەو بەرهەمە تا کاری دەنگو مۆسیقای تەواو بوو چەند مانگێکی خایاند.

-ئاشناخان ئەی بۆچی تا ئێستا بڵاو نەبۆتەوە؟

+لەبەرئەوەی بەرهەمەکەمان لەسەر ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیری تۆمار کردووە ئێمە کارمان لەبەرهەمەکە تەواو کردووەو دانەیەکمان لە سیدییەکە داوەتە رادیۆی هەرێم. بەوپێیەی رادیۆیەکە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمە، ئەوان مافی بڵاوکردنەوەیان هەیە، ئەوەی دەمێنێتەوە سەبارەت بە کاری کلیپو بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆی خۆمان بڵاوی بکەینەوە، هەرچەند کۆمپانیای رۆژبین بەڵێنیان پێداوین بۆمان بڵاوبکەنەوە، ئێمە چاوەڕوانی بەڵێنەکەی ئەوانین ئەگەر نا خۆمان بڵاوی دەکەینەوە.

-بەوپێیەی ئێوە لەبەرهەمەکان بەیەکەوە دەبینرێن لەماڵەوەش وەك خوشكو برایەك، دلزار چۆن دەڕوانێتە ئاشنا؟

+بەر لەوەی ئێمە خوشكو برابین لەبنەڕەتدا وەك دوو هاوڕێ مامەڵە لەگەڵ یەکدا دەکەین، جا چ لەکاری هونەری بێ یان لەژیانی ئاسایی ئەمەش وای کردووە کە لەکارەکانماندا سەرکەوتوو بین.

-ئەی تۆ چۆن دەڕوانیتە دلزار؟

+دلزار جگە لەوەی کە برامە لەهەمان کاتیشدا هاوڕێین کاتی لەماڵ ئێمە دڵمان توند بێ دلزار بەقسەو سوعبەتو بەسەرهاتی خۆش خەمەکانمان دەڕوێنێتەوە، بە کورتی خەمرەوێنە.

-بەیەکەوە گۆرانیتان گوت، بۆ دلزار بەتەنیا دەرنەکەوت؟

+سەرەتا دەبێ ئەو بڵێم کە ئێمە یەکەم کەس نین کە بەیەکەوە گۆران بڵێین زۆر هونەرمەندانی تر پێش ئێمە هەبوون. ئەوەی وای کرد کە ئێمە بەیەکەوە گۆرانی بڵێین یەکەمیان ئەوەیە کە گۆرانی دوانەیی چێژێکی تایبەتی هەیە لەکاتێکدا کە دەنگی ئافرەت جۆرە سۆزێکی تێدایە بەتایبەت لەگەڵ پیاوادا کاتێ کە گۆرانی دەچڕی خۆی لەخۆیدا تابلۆیەکی دەنگی جوان دروست دەکات. وەك چۆن لە مۆسیقاشدا ئەم دوو نەغمەیە (گرو ناسك) هەیە، جیا لەوەش هەستمان کرد لێك چونێك لەدەنگمان هەیە.

-ئەی تۆ دەڵێی چی ئاشنا خان؟

+منیش لەگەڵ بۆچوونەکانی دلزاردام ئەمانە هەمووی وای کرد کە ئێمە بەیەکەوە گۆرانی بڵێین. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە خێزانێك پەروەردە بووین هەمووومان هونەرمەندین ویستم لەپاڵ هونەری شێوەکاری لەبواری گۆرانیش ئەزموونم هەبێ، ئەوەبوو لەگەڵ دلزار زیاتر گرنگیمان بەم بواردەدا ئەوەی ماوەتەوە بڵێم ئەوەیە ئێمە بەیەکەوە جوانین.

## بۆ د. عەبدوڵڵا پەشێو

زیرەك کەمال

وەماندەزانی تا هەتایە رۆژەکانی کوردستان هەر لەشەوە زەنگ دەچن و شەوانیش لە زوڵمەتی گۆڕ- وەماندەزانی ئیدی تا هەتایە تەمەنمان هەر سیا ساڵو ژیانمان هەر رۆیشتن دەبێت بەسەر دەمی چەقۆدا- وەماندەزانی ئیدی تا هەتایە بەهار لەوەرزەکانی ساڵمان نامێنێتو بەدەم پەڕە وەریوەکانی تەمەنی لاوێتیمان بەژنی برینداری خۆمان رابهەژێنین، وەمان دەزانی تا هەتایە هەر دەبێت برینی ژێر پۆستاڵو بەهاری ژێر پێی خەزانو جەستە ئەنجن ئەنجن کراوی ژێر سمی ئەسپی سەرمایەو گەندەڵی دەبین. وەمان دەزانی کوردستان تا هەتایە حەوشەیەك دەبێت پڕ لەگەڵای وریو باخچەیەك دەبێت پڕ لەگوڵی سەر بڕاو بەهاری کوژراو- بەڵام تۆ هاتیەوە ئینجانەکانی رۆحی ئێمەت پڕکرد لەگوڵی شیعرو ماڵەکانت پڕکردین لە رووناکیو بە شیعر گلۆپێکی هەزار فۆڵتیت لە رووبەرە تاریكو نهێنیەکاندا پێ کرد.

هاتیەوەو بە هەموومانت گوت گەورەیی مرۆڤ لەوەدایە پشت لەدەسەڵاتو روو لەگەل بێت- هاتیەوەو خاکە دێمو کێڵگەی تینوی رۆحی ئێمەت بە بارانی شیعر پاراو کرد. هاتیەوەو گەنجە دڵشکاوەکانی ئێمەت بردەوە نێو لالەزاری شیعرو هۆڵە ساردو سڕەکانت پڕ کرد لە تریقەی پێکەنینو گۆڕینەوەی رازو نیازی عاشقان- هاتیەوە رێزو متمانەت بۆ شیعر گێڕایەوەو ماناکانی شیعرت لەهەمووان گەیاند، ئاخر پەشێو ژیان خۆی جوان نییە بەڵکو ئەوە شاعیرانن جوانی دەکەن.

## پەیوەندی نێوان رەنگی سەوزو هۆڵی نەشتەرگەری



جیهانی رەنگەکان.. جیهانێکە پڕێتی لە سەیرو سەمەرەو رەنگەکان کاریگەری راستەوخۆیان هەیە لەسەر دەروونی مرۆڤو ئەگەر پرسیارمان کرد بۆ دکتۆرەکان لە هۆڵی نەشتەرگەری جلی سەوز دەپۆشن؟ رەنگە لە وەڵامدا بڵێن سەوز هێمای ئاشتیو دڵنەواییە، بەڵام بێگومان ئەمە هۆیەکە نییە، بەڵام بەر لەوەی هۆیەکە بزانین دەبێ ئەوە بزانین کە هەر رەنگێك نهێنی خۆی هەیەو رەنگی سەرەکی هەیەو رەنگی تێکەڵ کراو. و رەنگی ساردو رەنگی گەرم هەیە...هتدو رەنگی سەوزیش لەو رەنگە ساردانەیەو تێکەڵ کراوی رەنگی شینو زەردە.

سەبارەت بە (دکتۆر)یش کە چەندین ساڵ لە هۆڵی نەشتەرگەریدا هەر خوێن دەبینێ باشتر وایە کاتێك کە سەری بەرز کردەوە، دوای تەواوبوونی نەشتەرگەری، رەنگێکی سارد ببینێت.




## 2006 لە چاوەڕوانی کارەساتی سروشتی دایە

بەپێی توێژینەوەو بۆچوونی زانایانی ئەڵمانی لەبواری گۆڕانی کەشو هەوادا، پێیان وایە ساڵی 2006یش بە دەرنابێت لەو زریانو تۆفانو لافاوانەی ساڵی 2005 رویاندا، بەپێی بۆچوونی (توماس سفریت) کە زانایەکی ئەڵمانی تایبەت بە زریانەکانە لە بنکەی کەشناسی (میتومیدیا) لە 20 تا 30 ساڵی ئایندەشدا هەروەکو ساڵانی رابردوو گۆی زەوی بەر هەڕەشەی چەندین زریانو لافاوی دی دەکەوێ، بەتایبەتیش ئەو ناوچانەی لەساڵی رابردوودا بەر ئەم زریانانە کەوتن ئەم ساڵیش دووبارە دەبنەوەو چەند ناوچەیەکی تریش دەگرنەوە. بەپێی بۆچوونەکانی سفیرت ساڵی 2006 17 تا 20 تۆفانو 13 زریانی بەهێز کیشوەرەکان دەگرێتەوە 5 تا 7ی ئەم زریانانە بە خێرایی 185 کیلۆمەتر لەسەعاتێکدا تێدەپەڕن بەهەمان ئەو خێراییەی بە ناوچەکانی فلۆریدی ئەمریکادا تێپەڕینو زیانێکی گەورەیان بەدووی خۆیاندا بەجێ هێشت؟ زانایانی کەش ناس هۆکاری زیادبوونی زریانو لافاوەکانیان بۆ بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لەسەر گۆی زەوی گەڕاندەوە، بەتایبەتیش توانەوەی بەفری باکوری گۆی زەویو زیادبوونی ئاوی دەریاکان کە لەشێوەی شەپۆلو زریانو لافاوی ناوەخت لە رۆخی کەنار دەریاکاندا خۆی نیشان دەدات. ساڵ بەساڵیش ئەم زریانانە زیانی زیاتر لەدوای خۆیان جێدەهێڵن هەروەك کارەساتەکەیزریانی کاترینا کە بە تەنها زیانی 125 ملیار دۆلاری لێکەوتەوە

## شێر رووەو لەناوچوونە



زانایانی بواری ژینگە پێشبینی دەکەن کە شێری پادشای دارستان رووەو لەناوچوون بچێت لەسەرەتای سەدەی داهاتووو لەلایەکی دیکە گەورەترین تۆڕی جیهانی کە پێکهاتووە لە رێکخرواى پاراستنی ژینگە هۆشداریان راگەیاند ئەگەر کاری بەپەلە نەکرێتو دژایەتی نێوان مرۆڤو شێر نەوەستێنرێت ئەوە شێر دووچاری لەناوچوون دەبێت. شایانی باسە کریستین نویل ئەندامی یەکێتی جیهانی بۆ پاراستنی ژینگە رایگەیاند کەوا شێر 80٪ ئەم زەویانە لەدەست داوە کە پێشتر لەسەری دەژیاو شایانی باسە نویل ئاماژەی دا کە ئێستا لە کیشوەری ئەفریقیا بەشێوەی کۆمەڵ کۆمەڵ شێر بەدی دەکرێت ئەمەش مەترسی لەناو چوونیان هەیە لە ئەنجامی کارەساتی سروشتیو نەخۆشی

## بۆ ڕاخاوی مێشك



Concessioner: Kamal Shakir

Editor- in- Chief:Shapol Fathi Kareem

No : 675
Date: 18/1/2006

Shapol_fathi@yahoo.com
Regay_kurdistan@yahoo.com

Tel: 2224286 -2220536

ڕێگای کوردستان

ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە بیروبۆچوونی خاوەنەکانیان دەردەبڕن ڕێگای کوردستان لێیان بەرپرس نییە